# ڕێزمانی کوردی و قورئان

ئەمین تاها

سەردەمانێکە نووسەرانی نوێ،هەوڵدەدەن کە خۆ بپارێزن لە هەندێ پیتوو ووشە،کە لە ڕاستیدا کوردین .بۆ نموونە ع ،غ، ق،.خۆ ص،ض،ظ،ط ،ذ،ث،ئەوە هەر بڤەیە.چرای سوورە و نابیی خۆمانی لێبدەین!گەر چی بەکارهێنانی ئەو جۆرە پیتانە پێویستن وەک سەرجەمی هەموو پیتە کوردیەکانی تر.ووشەی سمۆرە دەنگەکەی واتای پڕ بە پێستی پێ نیە! لەجیاتیا ثمورە،کە بە پیتی عەرەبی ناسراوە گونجاوترە.کاتێ کورد خاڵی لەسەر پیتەکانی داناوە،عەرەبەکان خاڵیان لەسەر نووسینەکانیان نەبوە.پاشان بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین.یەزیدیەکان لە کاتی دوعا کردنداپێکیی شەراب یان ڤۆدگا دەخۆنەوە ئەڵێن صاڵخێ وە.بەڵام ئێستا دەنووسین ساڵخی وە.بەڵام هەرگیز ئەو دو ووشە یەک واتا نادەنە دەستەوە هتد.

نووسەرەفارسەکانی بە پێچەوانەی نووسەری کوردەوە، تەواوی ئەو پیتانە ی کە بە عەرەبی ناسراون بەکاردەهێنن.هەرچەند خۆیان پیتی تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام دوودڵ نین لە بە کارهێنانی ئەو پیتانەی کە بە عەرەبی ناسراون.هەر چەند بەکارهێنای ئەو پیتە کە بەعەرەبی ناوونووس کراون دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزکردنی بێسنووری قورئان.گویایە گەر بە عەربی نووسیان خێری زیاترە لیلة القدر خیر من ألف شهر(3قدر) واتا: کارەکانی شەوی قەدر بەرانبەر هەزار شەوە.بۆ شەوی قەدر جیاواز بێ لە شەوانیتر!!بەواتایەتر یەک شەوی قەدر نوێژوو ڕۆژوو بگری بە 83 ساڵ بۆت دەنووسرێ!ئیتر هەرگیز بە ئاگر ناسووتێنرێیت! هێشتا 4 مانگیش زیادەیە! واتا دوو ساڵ لەسەر یەک مرۆڤ لە کەمیندا بیی بۆ قەدر بە 166 ساڵ گوێڕایەڵی دەنووسرێ.ئەمەیان بابەتێ ترە وەلی شایانی ووتووێژێکی بێسنوورە! کە بە تەنها دوو شەو سەرجەمی داواکاریەکانی خوای محەمەد مان لە کۆڵ بێتەوە!چونکە سەرجەممان هەر 83 ساڵ دەژین ڕەنگە کەمێ زیاتر یان کەمتر .کەواتە داخوازیەکانی خوامان ئەنجامداوە ،بە تەنها دوو شەوو! ئێمەی کوردیش لەو بارەوە بۆ نەگبەتی بێبەش نەبووین لەو بەڵا ترسناکە.کاتێ ئیسلام جێپێی خۆی قایم کرد،کوردەکانیش تا خۆیان بگەینەوە بە وەچەی محەمەد وخزمەکانی ،ڕیشەی خۆیان گەیاندۆتەوە سەر محەمەد یان خزمێکی ئەو.وەک زانراوە سەید بەرەی محەمەدن لە باوکەوە.گوایا هەرچی سەیدە نەوەی حەسەن و حسێنن،بە هەموو سەیدەکانی کوردوستانیشەوە.تەنانەت مێژوونووسی گەورەی بەناوبانگمان شەرەف خانی بەتلیسی ڕیشەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ خالیدی کوڕی وەلید

،ئەمە لە کاتێکدا خالیدی کوڕی وەلید نەوەی نەبوە.ئاشکرایە کە زیانی ئیسلام تەنها هێندە نیە، بەڵکوو زیانی ئیسلام بۆ کورد هەرگیز لە ژمارە نایە!بەڵکوو هیچ پێوەریێ ناتوانێ زیانی ئیسلام بە گەلی کورد بپێوێ.ئاشکرایە لە دەست دانی قەوارەی ڕامیاری کورد بە شێوەی سەرەکی دەگەڕیتەوە بۆ ئیسلام.هەرچەندیش لە دەستدانی دوا دەسەڵاتی سیاسی کورد بە دەستی فارسەکلن بوە! کاتێ ئیسلام کەوتە تەقەلای فراوانکردنی سنوورەکەی،کەوتە پەلاماردانی دەوروبەرەکەی.وەک ئاشکراشە سنووری ئیسلام وعەرەب تەنها نیوەی 4/1 چارەکی نیچە دوورگەی عەرەببوو.دەشزانین بە بیانووی فتوحاتەوە گەشتنە ئسپانیاو وولاتانی کە.دەنا نە عێراقی ئەمڕۆ،کوەیت ،لوبنان،فەلەستین،ئوردەن،سووریا،میسر،لیبیا،توونس، جەزائیر،مەراکۆ،سودان،سۆمال هیچ کامیان عەرەب نەبوون! بەڵکوو بە زۆری شمشێر کرانە عەرەب.ڕەنگیشە هەروەک شانازیەک هەوڵیش درابێ خەڵک قێز لە ڕەگەزی خۆیان بکەنەوەو خۆیان بکەن بە عەرەب.بەلام دڕندەی،بەربەریەتی ئیسلام بەڵگە نەویستە.دیمان تالیبان ئەفغانستان نەورۆزی 2001 هەیکەلی بودایان تەقانەوە،ئاخۆ 1200 پێش ئەمڕۆ چیان کردبێ؟!بەسەلا چوەکان دەگێڕنەوە کە چەرمی مرۆڤیان کردوە.ئێستاش هەندێ بەسەلاچوو،کە توڕە ئەبێ ئەڵێ:چەرمتەکەم.هەروەک نەریتی ئیسلامی ڕۆژگارێکی 63 زەعیم سدیق لە سەربازگەکەی دەربەندیخاندا پشتی 5 کەسیان شکاند.هەروەها محەمەد لە زمانی خواوە ئەڵێ :(تەنانەتت تالانیش بخۆن نۆشی گیانتان بێ فكلوا مما غنمتم حلالا طيبا واتقوا الله إن الله غفور رحيم(انفال69) هەڵبەتت ئەمە نەریتی سروشتی بیابانی بێدەرمامەتت بوە. کە ناوچەکە ووشک برینگبێ ،خەڵکەکەشی برسی دەبی.برسیەکانیش سڵ لە هیچناکەنەوە،بۆپڕکردنی وورگیان.هەروەها ووتەیەکی محەمەد ئەڵێ: پشتی براکەتت بگەرە گەر زۆر دارە یان زۆر لێکراوە.(انصر اخاك ظالما او مظلوما ) ئەنفالی 96 دەقی قورئانە،ئەوەی خوارەوەش ووتەی خودی محەمەد.جیاوازی زوقموو شەختە لەو دوو ڕستە گەلێک زیاترە! خۆ ایمامی عەباس خراپی نەوتوە کە ئەڵیی : هێندە خوێن دەرێژم،تا خوێن دەگاتە ئەژنۆ، بەسەر ئەسپەکەیەوە! کەواتە تالانی،دەست درێژکردن بۆ کەرامەتی خەڵک،کۆمەڵ کوژی،ڕەشەکوژی کاولکردنی شارستانیەکان پەیرەو پرۆگرامی ناوەو دەرەوەی ئیسلامە.ئیتر کەی سەیرە تالیبان پەیکەری بودا بتقەێننەوە!

کەی سەیرە ئێمەی کورد بە کلتوورکەلەپووری خۆمان نامۆ بین؟؟!!!

گەرکمە بێژم : کاتێ ویژەو تۆرەی کورد لە لوتکەدا بوە،عەرەب و ئیسلام نووسینیشیان نەبوە.

تەنانەت خەتەکانی ناویان ناوە خەتی کوفی هیچ جیاوازیەکی نیە لە گەڵ خەتی پەهلەوی کوردی.وەک ئاشکراشە نووسینەکانی چاخی سەرەتایی لە جیاتی پیت وێنەی ئەو ڕاناوە یان بکەرە بوە.بۆ نمونە سۆمەریەکان لە جیاتی ووشەی مرۆڤ بیەکی لاتینی کە بزوینەکی خوارەوەی قەبە ترە ،بەکارهێناوە.میسریەکان وێنەیەک کە زیاتر شیرازەی مرۆڤێ نیشان دەداتت بەکار هێناوە لە جیاتی ووشەی مرۆڤ.ووشەی مرۆڤ لای چینیەکان وێنەی نیمچە خاچێکی خواروخێچ بوە. هیتیەکان کە چڵێکی کوردن ، ململانێی زۆریانبوە لە گەڵ فیرعەونەکاندا(وەرگێڕانی پەڕتووکەکەی سینۆهە ،کە پزیشکی تایبەتی فیرعەونەئەڵێ : من هیتیم واتە :کوردم ،یەکەم جار بۆ فینلەدی وەرگێڕدراوە ،پاشان بۆ زمنانەکانی دیکە )،کەللەسەرێکی مرۆڤیان بەکارهێناوە. هەروەها لە جیاتی ووشەی گا لای سۆمەریەکان سێ گۆشەیەک کە نزیکە لە وێنەی کەللەی گا یان مانگا ،لە گەڵ دوو شاخ و دوو چاو.بەڵام میسریەکان وێنەی چوار پێیەکیەیان دروست کردوە کە شاخی هەیە.کەچی چینەکان وێنەیەکیان بەکارهێناوە کە زیاتر لە چڵە دارێک دەچێ کردوە بە ووشەی گا.هیتیەکانیش نزیک بە سۆمەریەکان کەللەسەری گایان کردبوو بە ووشەی گا!دیسان لە جیاتی ووشەی ڕۆژ سۆمەریەکان دوو نیوە بازنەی بە یەکا چوو سیمبولی ووشەی ڕۆژیان بوە.بەڵام میسریەکان ،بازنەیەک خاڵێک لە ناویدایان کردوە بە ووشەی ڕۆژی خۆیان.بەڵام چینیەکان لاکێشەیەک لە گەڵ سیمبوولی لێدەرکردن لە ناویدایان بەکارهێناوە لە جیاتی ووشەی ڕۆژ! بەڵام هیتیەکان بازنەیەکی گەورە ،پاشان بازنەیەکی بچکتر لە ناویدایان لە جیاتی ووشەی ڕۆژ بەکاربردبوو. عەرەب و ئیسلام نووسینیان نەبوە هەر بە پێی ئینسکۆپیدیای پیتەکان ،عەرەبەکان 600 عیسایی بۆ یەکەمجار نووسینیان بەکارهێناوە (مرۆڤوو خەت ،لارش مێلین بە زمانی سویدی) .ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە عەرەبەکان ، نەزانن هیچ لەبارانەبووبن(وەک قورئان بانگەواز دەکا) ! تا ئەمڕۆ نزیکەی 5000 نەتەوە لە سەر تۆپی زەوی دەژین، بەڵام 5000 جۆر پیتمان نیە! بەڵکوو زیاتر لە ملیاردێ پیتی لاتین بەکاردەهێنن.گریکیەکان خاوەن گەورەترین شارستانیەتن بەڵام زمانەکەیان نوسینەکەشیان ،چالاکیەکی وای نەماوە لە چاو ئەو یمپراتۆریەتەو شارستانیەتەی هەیان بوە. وەک دەزانین بریتانیا سەردەمێ نزیکەی تەواوی جیهان داگیر کردبوو.کەچی 300 ساڵ زەلالەتی بوو بەدەست سویدیەکانەوە.سویدیەکان روسیایاین داگیر کردبوو سەردەمێ.کەچی ئێستا میزەڵدان لە نزکیانەوە بتەقێ ،ڕادەپەڕن ،ئەڵێن ئەرەوەڵا رووس هات ،هێندە لە رووس تۆقیون! تورکەکان تا پێش 1007 بوونایین نەبوە لە ناوچە کە ،لە برسا گەشتنەناوچەکە ،ئێستاش دان بە بوونی کوردا

نانێن! درێژەی نەدەینێ،کەسێ ،ڕوداوێ ، کارەساتێ بۆتە هۆی وەرچەرخان و گۆڕانی شیرازەی گەلێک ،یان گەلان.محەمەد عەرەبی نەک تەنها گەلی عەرەبی تووشی کلۆڵیکرد، بەڵکوو ناوچەکەشی تانزیکی ئەورووپاش تووشی چەوسانەوەو کلتووری کوشتووبڕکرد.شەڕەکانی ئێستا باڵکان،هندوو کشمیروو کۆنتریش ،پاکستان،بەنگلادیش، جەزائیر هەمان هێڵی خوێناوی محەمەدین.کەچی گاندی بیێئەوەی فیشەکی بتەقێنێ هندی ڕزگار کرد.چونکە بودیەکان باوەڕیانوایە نا بێ مێشولەش بکوژرێ چونکە گیانی کەسێترە.بەڵام ئیسلام ئەڵێ : بکوژە.ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بیسەلمێنین کە عەرەبەکان بۆ تەواو کردنی پیتەکانینان کەڵکیان لە زمان ڕێزمانی کوردی وەرگرتوە،هەروەک ئیبن وەحشیەش لەنامەکەیدا بۆ عبدمەلیک کوڕی مەڕوانی646 تا 705 عیسایی ناردوە ئەڵێ: زۆربەی ووشەکانی عەرەبی لە ڕیشەدا کوردین،عەرەبەکان لە کوردە فێربوون. وەک ئاشکرایە قورئانی عەرەبی بە خەتی کوفی کە هەر هەمان خەتی پەهلەی کوردی کۆنی بێ خاڵە.واتا عەرەبەکان لە قورئان تێنەگەشتوون،چوونکە جیاوزی نەبوە لە نێوان(ق،ف،ن،ت،ب ،س،ش،غ،ع،ح،ج،خ،ر،ز،ط ،ظ ، ض، د، ذ،ص، ض،ث. ئەو هەموو پیتانە خاڵیان نەبوەئیتر چۆن تێبگەن؟!تێنەگەشتن وناردنی قورئان لە ئاسمانەوە وەک بانگەوازەکەی محەمەد بێ خاڵ خۆی لە خۆیدا باسە بابەتە کە دەسکردی مرۆڤە نەک لە ئاسمانەوە بارییبێ وەک گەزۆ!. دەقی نامەکەی ابن وحشیەیە کە بو عبدومەلیکی کوڕی مەروانی ناردوە!واتا:646 تا 750 عیسایی،لە پەڕتووکی(شوق المستهام فی معرفە رموز الاقلام ) .( دەقی نامەکەی ئیبن وەحشیە بۆ عبد مەلیکی کوڕی مەڕوان ) کە ئەڵێ: کوردەکان زۆربەی نوسراوەکانیان بە خەتی (ماسوی سۆراتی) ئەنووسی.لە گەڕەکی ناووسی باغیداد (بەغداد) چاوم کەوتە سێ بەرگی پەڕتووکی کوردی کە بە خەتی ماسی سۆراتی نوسراون.ئێستا لە شام دوو بەرگ لە و پەڕتووکانەم لایە، کە یەکێکیان باسی پەروەردەکردن ناشتنی داری خورماو درەختەکانی تر دەکاو ئەوتریشیان لە بابەتت دۆزینەوەی ئاو لە چوڵەوانی ودەشتوو بێئاویدا دەدوێ! من ئەوانەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی تا هەموو کەڵکی لێوەربگرن!ئەو ئەلف بێیەی کە نووسراوی کوردەکانە،لە دوای پێک نووسانی تەواوی پیتەکانی ئەبجەدی لە ئەلفەوە تاخێ، چەند پیتێکی دیکەشی تێدایە کە لە دەستووری پیتان زیاترە.پیتی پێ،چێشی لێجیاکرێتەوە،کە چی هێشتا 7 پیتی دیکەشیان هەیە کە لە هیچ زمانێکی تردا نین،وە دەنگیان لە هیچ ئەلف بێیەکیکەدا نیە،بۆ ئەو 7 پیتانە،هیچ دەنگوو وێنەیەکمان لە ناوزمنانەکانیتر وە ئەلفو باکانی تردا نەدۆزیوەتەوە!دیارە دەنگو ئاوازێکی سەیریان هەیەو هەر بەهۆی ئەو دەنگو

پیتانەوەیە کە خوێندەنەوەی هەموونوسراوێک بە هەر زمانێک بۆ کوردەکان ئاسانەو تەنانەتت کوردەکان قورئانیش وەک عەرەبێکی دەشتەکی ئەخوێننەوەو بەڵکوو باشتریش.هەروەها گەلێک ووشە کە ڕەگوو ڕیشەیان کوردین،عەرەبەکان لە کوردەکانیان وەرگرتوەو ئێستا بە ناوی عەرەبیەوە بەکاری ئەبەن.کەچی ئەو ووشانە ڕەگوو ڕیشەیان تەنیا لە زمانی کوردیدا ئەدۆزرێتەوە.پیتەکانی ماسی سۆراتی37 پیتە،هەموو ئەو پیتانەی ئەمڕۆ ناونراون پیتی عەرەبی لە ماسۆسۆراتیدا هەن +ئەو پیتانەی لەکوردیدا هەیەو لە عەرەبیدا نیە.سەڕەای ئەوانەش 7پیتی کە تا ئێستا دەنگکانیان بۆ کەس ئاشکرانەبوە.ئەفسوس بۆ گەوهەری گومبووی نەتەوایەتیمان.(کۆتای نامەکەی ئیبن وەحشیە کە بۆ عەبدول مەلیکی کوڕی مەڕوانی نووسیوە(مێژووی ویژەی کوردی،سدیق بۆرەکەی ل19 تا 20).ئاشکرایەو بەڵگە نەویستە کە مێژوو سەرکەوتو نوسیویە.کاتی نووسینی نامەکەی ئیبن وەحشیە کورد تەواوی دەسەلآتو قەوارەی سیاسی لە دەست دابوو بە نزی1250 پێش نامەکەی ئیبن وەحش.ئەوکاتەش ویژەو تۆرەی کوردی لە 12 چەرخەوە بەرەو نەمانچوە بەرەدەوام نەک بەرەو ژیانەوە چونکە زمانی قورئان سەر دەست بوە، تا ئێستا ش باوە کە قورئان نابێوەرگێڕدرێ! ئیتر کەی یحیا بن یعمر کە قوتابی ابو الاسود الدئەلی بوە605 688عیسایی،خاڵیان بۆ قورئان داناوە(منجد فی الاعلام !؟

گەلی کورد خەتێکی کەشی بوە بەناوی خەتی ئێزیدی کە ئەویش 31 پیتە کە بریتیە لە(اب پ ت ج چ ح خ د ذ ر ژ س ش ص ض ط ظ ع غ ف ق ک کَ ل م ن و هـ ی) پەڕاوی پیرۆزی جلوە مەسحەفا بە م پیتە نووسراوە،کە مێژوەکە مێژووی ئێزیدی دەگەڕێتەوە بۆ4 هەزار ساڵ پێشش عیسا(الیزدیە،جۆرج حبیب ل 5) .ئیتر با کوردی چەپی ڕاستەوانە،عەرەبی شۆڤێنست،تورکی نازیسست ،فارسی پان فارسیسم سەریان بەن لە بەرد.هەمان سەرچاوە.